# با هەر پیرۆزو گەشاوە بێ بڵێسەی ئاگری نەورۆز



بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپک
لە نێرگس و گوڵی ناسک
دەکەم بە دیاریەکی جوان
بۆ گەلی کوردی قارەمان.

وێڕای پیرۆزبایی گەرممان بەبۆنەی ساڵی نوێی کوردی و نەورۆزەوە بە هیوام و زۆر گەشبینیشم بەوەی نەورۆزی جەژنی بەرخۆدان و ڕاپەڕین و نوێبوونەوەی ژیان ببێتە جەژنی ڕاپەڕینی سەرتاسەری کوردان بەتایبەتی و میللەتانی ژێردەستەو چەوساوەکانی جیهان بەگشتی و بکرێتە هێمای بەرگری و هەستانی جەماوەری چەوساوە دژ بە داگیرکاری و چەوساندنەوە لە سەرتاسەری جیهاندا. هەرچەندە منیش نەورۆز وەک داستانە خەیاڵیەکەی کە هیچی کەمتر نییە لە داستانە خەیاڵیەکانی تری جەژن و بۆنە ئایینی و نەتەوایەتیەکانی تری نەتەوەکانی سەرتاسەری جیهان کە پێموایە هیچ کەسێک بە چاوانی خۆی جوبرەئیلی نەدیوە کە مەڕێک لەلایەن خواوەندەوە بەدیاری دێنێ بۆ ئیبراهیم پەیامبەر تا لە بری ئیسماعیلی کوڕی بیکاتە قوربانی و دواتر جەژنی قوربانی لێبکەوێتەوە.وە کام مرۆڤە بە چاوانی خۆی جوبرەئیلی دی لە یەکێ لەو جارانەی کە وەحی بۆ موسا و عیسا و محەمەد هێنا،من تا ئێستاشی لەگەڵدابێ چیرۆکی هەرسێ کتێبە پیرۆزەکە بەوەی زەردەشت پەیامبەریشەوە بە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی دەناسم.ئیتر چیرۆکی لە دایکبوون و کۆچی دوایی ئەم مرۆڤانەش وەک چیرۆکی لە دایکبوون و کۆچی دوایی هەر بیریارو مێژوو نووس و فەیلەسوفێکی تر زیاتر نابینم گەر کەمتر نەبن.چون سەرلەبەری داستانەکانیان داستانی کەسێکن کە بۆ میللەتەکەیان چاکسازی کۆمەڵایەتیان کردووە بە موتوربە کردنێکی میتافیزیکیانە واتە خەیاڵاویانە.ئەگین خەڵکی نەخوێندەوار بە بێ خۆماندووکردن و مامۆستا و فێرگە و پرۆسیسێکی بە کردەوە لە کون فەیەکونێکدا نابێتە خوێندەوارو قورئانێکی لەپاش بەجێبمێنێ.وەیان خاوەنی تەورات و ئینجیل کێ جارێ لە جاران بە چاوانی خۆی موعجیزەکانی موساو عیسای بینی لە گێڕانەوەی دەماو دەم وناو کتێبە پیرۆزەکانیان نەبێ کە خودی خۆیان نووسیویانەتەوە.بەڵام نەورۆز جیا لەم داستانە خەیالیەی چەند خەسڵەتێکی بنیاتنەری وەک ڕێکەوتی بەرپابوونی سەرهەڵدانەکەی کە 1- وەک ڕێکەوتێکی گیان و ژیان بەبەرداکردنەوەی سروشت کە دەسپێک و مژدەی وەرزێکی نوێ بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەدات کە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ئەم ڕۆژە بەرزو پیرۆز تەماشا دەکەن لە ژێر ناوی جۆراوجۆریتردا لەلای خۆشمان کەس وەک حەزرەتی نالی نەیتوانیوە وێنای بکات بە شیعر کە فەرموویە:-

گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کوژاپەوە
پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە

2 ـ ئاگریش وەک یەکێ لە هێماکانی لە هەمان کاتیشا  یەکێکە لە کەرەستە بنچینەییەکانی ژیانیش وەک(هەوا، ئاو، خاک، ئاگر)بە باوەڕی زۆربەی خەڵک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە هەر چواریان پێکەوە ژیانیان پێکهێناوە.
3 ـ سێیەمینیش ژووانی بەرپا کردنی  سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی کاوەیە بەسەر ئەژدەهاکدا کە بەهۆی کردنەوەی ئاگرەوە مژدەی ڕۆژی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی بە گەلانی چەوساوەی ناوچەکەیان داوە.ئەمەش لەسەردەمی نەبوونی پۆست وبروسکە و تەلگراف دا لەو قات وقڕی تەکنەلۆجیایەدا توانیویانە ئاگر بکەنە ئەو هۆیەی کە یەکدی پێ هۆشیار بکەنەوە.
ئەمانە هەموویان وایان لە منیش کردووە کە نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوایەتی ئەگەر بە زیاتر لە جەژن و بۆنە ئایینی و نەتەوایەتیەکانی تر تێی نەڕوانم لەوانیش بە کەمتری نەزانم و منیش لەگەڵ گەلەکەمدا بە سرووده بەرزەکەی پیرەمێردی نەمر نەورۆز جارێکی ترو هەزاران جاری دیکەش پیرۆزدەکەم لەسەرجەم گەلانی ژێردەستەو چەوساوەکانی جیهان بەگشتی و گەلی کوردمان لەسەرتاسەری کوردستاندا بەتایبەتی.

ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆە  هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

کەمالی دادامین
ئەڵمانیا 2008. 03. 20